# 15ساڵو
# 15 تیری نووک شکاو

**نەوزاد عەلی ئەحمەد– سوید**
Nawzad.ali@hotmail.com



ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە تەمەنترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییەو پازدە ساڵە بەردەوام دەردەچێت، پازدە ساڵ تەمەنێکەو پێویستی بە لێدوانو لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەو لێڕامان هەیە، لە پێناوی باشترکردنو بەرەو پێشەوە بردنو گەشەکردنیدا وا ئەم چەند سەرنجە دەنووسم.

1– کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکە ڕێکخراوێکی سیاسی دەسەڵاتدار واتە حاکم دەریدەکات، ئاساییە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵو بابەتدا پەیوەندیو بەرژەوەندییەکان ڕەچاو بکرێن، بەڵام زۆر جار خوێنەر چەواشە دەکرێتو ناتوانێت بەخوێندنەوەی هەواڵەکان یاخود وتارە سیاسییەکانی نزیک لە دەسەڵات هێڵی سیاسەتی ڕۆژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بزانێت، بە کورتی جۆرێک لە تێکەڵو ئاڵۆزی هەیە، ڕاستە کوردستانی نوێ ئۆرگان نییە، بەڵام لە باری مامەڵە کردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا لە ڕۆژنامەی( الاتحاد) زمانحاڵترە.

2– لە هەواڵدا جیاوازی لە نێوان هاوڵاتیو تاکی دەسەڵاتدار دەکرێت، ئایا خەڵکی حزبی هاوڵاتی نیە؟ یاخود وەزیرو .. هتد هاوڵاتی نین؟ ئەگەر هەموویان هاوڵاتین ئەی بۆ لە لاپەڕە سێدا گۆشەیەکی تا ئاستێک بەردەوام هەیە لە ژێر ناوی( هەواڵی هاوڵاتیان) هەروەها زۆر جار لە نێو هەواڵەکاندا ڕستەو وشەو زاراوەی ناجورو هەڵە بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە مانگی ڕابردوو لە لاپەڕە یەکدا لە ناونیشانێکی دیاردا نووسرابوو مانگی ئایندە ی. ن. ک پلینۆم ڕێکدەخات، ئایا لە باری زماندا( مانگی داهاتوو) ڕاسترە یاخود( مانگی ئایندە) ئەمەو باشترە ڕۆژنامەکە لە کاتی دانانی ناونیشان بۆ هەواڵەکان خۆی لە ڕۆتینی فەرمانی (کردن) کەمێک بە دوور بگرێت، ڕۆژ هەبووە لە شەش ناونیشانی لەپەڕە یەکدا بۆ سێ ناونیشان مامەڵە لەگەڵ فەرمانی( کردن) کراوە تەنیا کاتی فەرمانەکان گۆڕاون.

3– مانشێتو ناونیشان پەیوەندی نێوان خوێنەرو ڕۆژنامە بە هێز دەکات، واتە کێرڤی فرۆشتنی ڕۆژنامە بە هەرِمێن دەکات، کوردستانی نوێ زیاتر مامەڵە لەگەڵ ناونیشانی ساردا دەکات نەک ناونیشانی گەرم، ناونیشانی گەرم خوێنەر بە لای خۆی ڕادەکێشێت، مانشێتی سەرەکیش لە ڕۆژنامەکەدا ئامرازێکی مردووە بۆ نموونە ساڵێک زیاترە تەنیا نزیکەی دە جار مانشێتی سەرەکی کەوتۆتە بەرچاوم، تۆ بڵێیت لە ماوەی یەک ساڵدا ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێشەر لە کوردستانو عیراقو ناوچەکەو جیهاندا ڕووی نەدابێت تا بکرێتە مانشێتی سەرەکی؟ وەک دەزانرێت کوردستانو عیراق کانگای ڕووداوی گەرمی جیهانن.

4– وەک نووسراوە تەنیا سەروتار گوزارشت لە بیروڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات واتە تەنیا ئەو وتارە سیاسیانەی لە لاپەڕە یەکدا لە ژێر وشەی( سەروتار) دا بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام وتارەکانی تری لاپەڕە یەک کە بە ئیمزای لێپرسراوی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنو سەرنووسەر بڵاو دەکرێنەوە گوزارشت لە ڕای شەخسی دەکەن، جارێ پێش خوردکردنەوەی ئەو فێڵە، نازانم لە چ کتێبێکی سیاسی یاخود تایبەت بە هونەری ڕۆژنامەنووسی سیاسی ئەم زانستە نووسراوە؟ لە ڕۆژنامەدا دەکرێت فێڵی شەرعی لە یاسا بکرێت ، بەڵام ناکرێت فێڵی سیاسی لە خوێنەران بکرێت، ئازاد جندیانی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو لێپرسراوی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی

ناوبراوە، کاوە محەمەد سەرنووسەرەو ئەندامی دەزگای ناوەندی راگەیاندنەو ئەو دوو بەڕێزە چەندان جار بە ئیمزای خۆیان لە لای چەپی لاپەڕە یەکدا وتاری سیاسیان بلاوکردۆتەوە کە وتارەکانیان پڕ بووە لە روونکردنەوەی سیاسەتی یەکێتیی‌و تەعمیم بۆجەماوەر، نازانم ئەگەر وتارەکانیان لە لای راستی رۆژنامەکە واتە لە ژێر زاراوەی سەروتاردا دابەزێنن چ زیانی بۆ پەزەکان دەبێت؟ ئەوەندەی رۆژنامەی حزبی رۆژانە پێویستی بە سەروتار هەیە نیو بە قەد ئەوە رۆژنامەیتر پێویستی پێ نییە، لە سوید هەموو رۆژنامە گەورەکان رۆژانە وتاری سەرەکییان هەیە.

5– کوردستانی نوێ تا ئێستاش سەرکەوتووترین رۆژنامەی کوردییە لە بواری دارشتنی هەواڵ‌و بەردەوامیش هەست دەکرێت خۆی دەپارێزێت لە شێوە پەخشان‌و هۆنینەوەو پیاهەڵدان‌و ئیستیفزاز، بۆ ئەم وەسفەش تەنیا لە لاپەڕەکانی یەک‌و دوو و سێ زیرەکانە کار لەسەر پرانسیپی داڕشتنی هەواڵ کراوە، بەڵام لەلاپەڕەکانی ترو بە تایبەتی لە پاشکۆکاندا کەم ئەزموونی هەواڵنووسەکانی پێوە دیارە، تا ئێستاچەندان جار بینوومە رووداوێکی هونەری یاخود ئەدەبی وەک پەخشانێکی هونەری داڕێژراوە.

6– کوردستانی نوێ لۆگۆی تایبەت بە خۆی نییە، دەکرێت ناوی رۆژنامەکە کە لە لاپەڕە یەکدا بە گەورەیی نووسراوە بکرێتە لۆگۆی رۆژنامەکە، بەڵام باشترە چیتر بە میزاجی شەخسی شێوە ناوی رۆژنامەکە نەگۆڕدرێت‌و دەستکاری نەکرێت،هەروەها سەرنجێکم سەبارەت بە رەنگی کەسک هەیە کە وەک رەنگی رێکخراوەیی یەکێتیی رۆژنامەکەشی گرتۆتەوە، هەر تەنیا بۆ ئاگاداری ،هەموو حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان رەنگی سوور  رەنگی سەرەکی رەسمی حزبەکانیانە، تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەنگی کەسک بەکاردەهێنێت.

7– لە رۆژنامەی حزبیدا پێویستە بۆ دابەزاندنی هەواڵ‌و وتارو لێکۆڵینەوەو بابەتی‌تر میزاجی شەخسی زاڵ نەبێت یاخود کەم بکرێتەوە، ئاستی رووداو بۆ هەواڵ، لێکدانەوەی وردی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە، دەقی داهێنەرانە؛ چەند پێوانەکین لە رۆژنامەدا رەچاو دەکرێن، بەڵام بە داخەوە لە کوردستانی نوێدا تا ئێستا چەندان جار ئەو پێوانانە پشت گوێ خراون عەقڵی شارچی‌و قەزاچی‌و ناحیەچی‌و گوندچی‌و گەڕەکچی بە سەر ستافی کارای رۆژنامەکە زاڵە، ئەمەش تا ئێستا زیانی زۆری لە یەکێتیی‌و پێگەی رۆژنامە داوە.

8– ئایا کوردستانی نوێ  بۆ نەیتوانیوە سوود لە پایەو شوێنەکەی مام جەلال وەک سەرکۆمار ببینێت‌و چەندان رووداوی سەبق بە دەست بێنێت، تەنیا هەواڵە تەشریفاتییەکان بلاو دەکاتەوە؟ ئەوەی من بزانم رۆژنامەکانی بەغدا رۆژانە دەیان سەبقی هەواڵ بلاودەکەنەوەو بازاڕیان پێ خۆش دەکەن، دیارە مەبەستم لە رۆژنامەکانی بەغدا رۆژنامە حزبییەکانیشە.

9– کوردستانی نوێ‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لە قۆناغی زەواج دان، نەک لە سەرەتاکانی یەکتر ناسین‌و ئاشق‌و ماشوقەی یەکتر، دەکرێت لەم قۆناغەش هەر یەکتریان خۆش بووێت بەڵام ژیانی خێزانداری بێ کێشەو رەخنەو گلەیی نابێت ،بە ڕای من پێویستە بۆ باشتر کردنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوە ناوە رۆژنامەکە سووکە دەرزی ئاژنێکی حکومەتی هەرێم بکات، ئاساییە با ئازاریشی پێ بگات ( ببورن من زاراوەو چەمکەکانی زەواج‌و خێزانم وەک رۆژهەڵاتییەکی دواکەوتوو بەکارنەهێناوە)

10– رۆژنامە تەنیا رووداوی رۆژ بڵاودەکاتەوە، بەڵام بە چەندان هونەرو هونەرکاری جیاواز، هەواڵ، راپۆرتە هەواڵ، ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن،وتار، لێکۆڵینەوە، ریکلام، جاڕدان.. هتد ئەمانە هەموویان رووداوی رۆژن کە لە رووبەرەکانی ماکێتی رۆژنامەدا شوێنیان بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ نموونە راستە لە نێوان هەواڵ‌و لێکۆڵینەوەدا دەکرێت زەمەن‌و شێوازی جیاواز هەبێت، بەڵام ناکرێت زەمەنەکە ئەوەندە کۆن بێت سیفەتی بابەتی رۆژنامەی لە دەست دابێت، کە بە داخەوە لە کوردستانی نوێدا تا ئێستاچەندان جار زەمەن مردار کراوەتەوە، کۆنە هەواڵ بڵاوکراوەتەوە، یاخود لێکۆڵینەوەیەک

بڵاوکراوەتەوە کە سیفەتی بابەتی ڕۆژنامەی نەبووە، ریپۆرتاژ هەبووە هونەری ڕۆژنامەنووسی تیایە ڕەچاو نەکراوە، ئەمەو بێجگە لە وتارو بابەتیتر.

11- وێنە ڕووداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکی حزبییە بۆیە زۆر جار وێنەکان تایبەتمەندێتی خۆیان لە دەست دەدەنو لە وێنەی ئاسایی بترازێن هیچ واتایەکیتر نادەن، بە تایبەتی لاپەڕە یەک لە ئەلبوومی شەخسی سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەچێت،کە بە ڕای من دەکرێت ئەو شێوازە بگۆڕدرێتو لە پاڵ وێنەی سەرکردەکانی حزب وێنەی ڕووداوەکانی دەرەوەی حزبیش بڵاوبکرێنەوە، بۆ نموونە دەکرێت هەندێک لەو وێنانەی کە لە لاپەڕەکانی ناوەوە بڵاو دەکرێنەوە بۆ لاپەڕەی یەک بگوازرێنەوەو پەرەیان پێ بدرێت.

12- زۆربەی ئەو باسە دوورو درێژانەی لە بەشی لێکۆڵینەوەدا بڵاودەکرێنەوە ئاماژە بە سەرچاوە نادەن کە ئەمە مسداقیەتی باسەکان لە دەست دەداتو جۆرێکە لە کەموکوڕیی ڕۆژنامەنووسی، باشترە کوردستانی نوێ خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە باسانە بە دوور بگرێت، تا هەندێ جار بۆ بابەتە ئامادەکراوو وەرگێڕدراوەکانی لاپەڕەکانی تریش سەرچاوە نانووسرێت.

13- کوردستانی نوێ سەرتۆپی ئەو ڕۆژنامەو هەفتەنامە کوردییانەیە کە گرنگی بە هەواڵەکانی کوردی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان دەدات بە تایبەتی کیشوەرەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیا، بەڵام بۆ باشتر ڕایکردنی کارەکان دەکرێت کوردستانی نوێ چەند ناوەندێکی هەواڵ لە دەرەوە بکاتەوە،کە ئەمڕۆ لە سەردەمی جیهانگیریدا ئەو ناوەندانە بە کەمترین دارایی دەتوانن کارەکان ڕاپەڕێنن.

14- کوردستانی نوێ لە ماوەی پازدە ساڵەی تەمەنیدا بە وریایی کاری لەسەر زمانی کوردی کردووە هەوڵیداوە سەکۆی ڕۆژنامەکە ببێتە فاکتەرێک لەو فاکتەرانەی کە زمانی ستاندەری کوردی لەسەر دابمەزرێت، بە تایبەتی لە باری ڕێنووسدا زۆر هۆشیارانە کاری کردووە، بەڵام بە داخەوە ماوەی ساڵێکە هەست دەکەم چەند نووسەرێک زمانی ڕۆژنامەکە دەشێوێننو بە ئەنقەست نووسینەکانیان پڕ دەکەن لە وشەو ڕێنووسی لۆکاڵ کە دوورن لە زمانی نووسین، نزیکترین نموونە بەکارهێنانی پیتە قاڵبی (ئە) یە لە جێگای پیتە قاڵبی (دە) کە چواردە ساڵە کوردستانی نوێ دەرکی بەوە کردووە کە بۆ دامەزراندنی زمانی ستاندەری کوردی پیتە قاڵبی (دە) لە (ئە) ڕاستترە، بۆ زانیاری زیاتر کۆمەڵێک پسپۆری زمانی کوردی لە چەندان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا سەلماندوویانە کە سەداحەفتای کورد (دە) یان (د) بەکاردەهێنن، نەک (ئە) .

15- دیزاینی ڕۆژنامەکە پەرەی پێدراوە، بەڵام ئیستاتیکای ماکێتی لاپەڕەکان پێویستە وەک کارێکی ئەندازەیی کاری لەسەر بکرێت، چونکە نەبوون یاخود ئیستاتیکای شێواو چاوی خوێنەر ماندوو و بێزار دەکات، دیزاینی دووبارەو سواو چێژی هەواڵو بابەت دەدۆڕێنێت.